# کێ خائینه؟
# کۆمۆنیسته کان ،
# یان بۆرجواو پێش Moneyیه کان

نوسینی
ئه رده ڵان عه بدوڵلا

# پێشه کی

کۆمۆنیزم له و رۆژه وه ی که وه کو ئایدۆلۆژیایه ک یان رێگایه ک له دایک بووه .
به هه موو شێوه یه ک دژایه تی کراوه له لایه ن بۆرجوازیه وه . هه تاوه کوو
ئه مرۆش ئه و دژایه تییه هه ر به رده وامه .
به ڵام چ کۆمۆنیزم و چ کۆمۆنیسته کانیش چۆکیان بۆ, بۆرجواکان نه داوه و، هه موو کات له دژی سه رمایه داری خه باتیان کردووه . ئه مرۆش به هه مان شێوه به ناوی ناسیۆنالیزمه وه هێرشێکی زۆر ده کرێته سه ر کۆمۆنیسته کان .
منیش حه زم کرد
به چه ند دێرێکی کورت کۆمه لێک پرسیار وه ڵام بده مه وه .

ئه رده ڵان عه بدوڵلا

ئه ڵمانیا

# سه ره تا

ماوه يه كى زۆره له هه موو لايه كه وه هێرش ده كرێته سه ر كه س و لايه نه
چه په كان ، تۆمه تى خائينى و ناپاكيان ده درێته پاڵ . له به ر ئه وه ى دژى شانۆگه رى هه ڵبژاردنه كان بوون .
پێش ماوه يه ک نه وشيروان موسته فا ، له كه نالى كوردساته وه ، ووتى :
( ئه وه ى به شدارى هه لبژاردنه كان نه كات ، خائينه ! ) .
هه ويكه شى ( مه لابه ختيار ) ، هه مان شتى دووباره كرده وه . پارتى هاوپه يمان و هاوبيريشيان هه مان شتى
دووپات كرده وه . ئايه تولا سيستانى و مه لاكانى كوردستانيش ئايه تيكيان دابه زاندو ناويان نا ئايه تى ( الانتخابات )
،سزاى ( خائين ) يشيان ، بۆئه و كه سانه دانا كه به شدارى هه لبژاردن ناكه ن .
له كاتى سه دام ،كابرايه كى كورد حوكمى ئيعدامى بۆ ده ركرابوو ،چونكه ويستبووى ته ماته ى به ئينتيخابات
بكرێت.به لام ئه و كات نه سيستانى فتواى خائينى ده ركرد ، نه سه داميش گويى له ئايه تى ئيتيخابات گرت .

## بۆرجوازى و نه ته وه په رستى

پاش چه ندين سه ده له زولم و تاريكى ، كرێكاران و جووتياران وخه لكانى
زه حمه تێكشى فه ره نسى ، كۆتاييان به حوكمى ده ره به گايه تى هێنا .
بۆ يه كه مين جار ده وله تى كۆمارى دا مه زرێنرا وشێوازى هه لبژاردنيش بوو
به بنه ماى سيسته مى ديۆكراتى له جيهاندا .
كاتێک بۆرجوا كان زانيان شۆرشه كه روو له سه ركه وتنه ، خۆيان خسته ناوى و خۆيان كرد به رابه رى شۆرشه كه
و ناويان نا شۆرشى بۆرجوازى .
ئه و كات بۆرجوازى ،ره وشتى ورده بۆرجواى ئيستاى هه بوو ، هه موو هه لپه رست بوون ، چاوه رێيان ده كرد
تابزانن كێ سه رده كه وێت ،ئينجا بچن له گه لّيدا .
ئه م شۆرشه زۆر شتى له جيهاندا گۆرى ، زۆر شتى كۆنى له ناو برد و، زۆر شتى نوێشى هێنايه كايه وه . بۆ نموونه
رۆلى ئايين و كلێساى به سه ر كۆمه لگا نه هێشت و ئايينى له سياسه ت جياكرده وه . كه ئه مه يه كێک بوو له هه
ره ده ستكه وته باشه كانى ئه و شۆرشه . له به رامبه ر ئه وه شتێكى تر دروست بوو ناويان نا
( نه ته وه وده وڵه تى نه ته وه يى )، كه ئه م دوانه ش ( فاشيزم و راسيزمى )
له گه ڵ خۆى هێنا. ئه گه ر چى سه رده مانێكى زۆر خه ڵكى له ژێر باڵى ئايينه وه
ده دران به كوشتن و چه ندين شه رى خوێناوى گه وره دروست بوو . ئه وا پاش شۆرشى فه ره نسى شه ره كان هه
ر به رده وام بوون به ناوێكى تره وه كه ئه ويش
( نه ته وه و ده وله ت ) بوون . له ژێر ئه م ناوانه ش چه ندين شه رى خوێناويان دورست كرد ، كه هه تاوه كوو ئه
مرۆش هه ر به رده وامه .
هه روه ک چۆن پێشتر خه ڵكى هه ژار و زه حمه تكێش خوێنى ده رشت و
به كوشت ده درا و، ئاغا و ده ره به گه كانيش رۆلى سه ير كه رو قازانجكه ر يان

ده بینی. به هه مان شێوه ش ئه مرۆ هه ر خه لکی کرێکار و زه حمه تکێشه

ده بێته قوربانی ، بۆرجواکانیش سه یرکه رو قازانجکه ری شه ڕه کانن .

هه روه ک چۆن پێشتر به ناوی بێ دینی خه ڵکیان سزا ده درا ، ئه مرۆش به ناوی خائینی نه ته وه یی خه لکی سزا ده درێت .

له کاتێکدا بۆرجوازی دورشمی ( لیگه رێ باتیپه ریت ، لیگه رێ باکاربکات ) ی بۆ خۆی به رزکرده وه ، که چی بۆ کرێکاران دورشمی ( ده وله تی نه ته وه یی ) بۆ دانابن . هه ر چه نده مێژوو ئه و شۆرشه به شۆرشی بۆرجوازی داده نێت ، که واش نه بوو ،به لاّم هه ر له یه که مین رۆژیه وه بۆرجوازی خۆی هاواری کردووه ده لّێت:

(ئێمه وولاّت و ئاییمنان نییه) . که چی کاتێک که کرێکارێک ئه م قسه یه بکات ده بێته تاوانبارو سزا ده درێت . له ژێر ئه م دووناوه شه وه ملیۆنه ها که سیان سزاداوه و به کوشتیان داوه .

## سیاسه تی نوێ

له سه ده ی نۆزده هه مدا ، ئه مه ریکا چه ندین راپه رین و خۆپیشاندانی کرێکاری به خۆیه وه بینی . بۆ یه که مین جاریش له مێژوودا سه عاتی کار، که م کرایه وه بۆ هه شت سه عات . دایاره ئه مه ش پاش ئه و هه موو خوێنه دێت ،که کرێکاران دایان تا ئه و ماڤه یان ده ستکه وت . هه ر کاتێک ناره زایی کرێکاری رووی بدایه

یه کسه ر هه زاره ها پۆلیس و سه ربازو باندی تیرۆرستیان تێ به رده دان .

به لاّم سالّی 1937 کاتێک کرێکارانی کارگه ی ئاسن له جۆن تاون ، له وولایه تی په نسیلڤانیا ، مانیان گرت . ئه م جاره یان له جیاتی ناردنی پۆلیس و سه رباز ، تیمێکی گه روه ی پروپاگه نده یان ناردوو ، ده ستیان کرد به پروپاگه نده دژی کرێکاران ، له ژێر ناوی ( ئێمه هه مووان ئه مه ریکین، کرێکاران ، ژنانی ماله وه

خاوه نکاره کان ، پۆلیس و سه ربازه کان ، هه مووان یه ک به رژه وه ندیمان هه یه ، ئه ویش نه ته وه ی ئه مه ریکی یه 1 ) . به م سیاسه ته نوێ، یه که وتنه دژایه تی کردنی کرێکاران . ئیتر ئه مه بوو به باشترین میتۆدی بۆرجوازی له دژی مانگرتنه کرێکاریه کان به کاریان ده هێنا. هه ر کاتێک مانگرتن ده بێت ،

یه کسه ر میدیاکانی سه رمایه داری، ده که وێته وێزه ی کرێکاران و ده یانکاته دوژمنی گه ل وبه خۆیه رست ناوین ده هێنێت . به بێ گوێدانه به رژه وه ندی گه ل تاوانباریان ده کات. له کاتی شه ره کانیش له ژێر ناوی ( پشتگیری کردنی هێزه کانمان ) ده که ونه گیانی خه لّکی ، هه موو بزووتنه ئاشتی خوازه کانیش به دژومنی گه ل تاوانبار ده کات ، شومسکی ده لّیت : ( پاتریۆتیزم ، باشترین میتۆدی سه رمایه داری ئه مه ریکیه ، که دژی بزوتنه وه کرێکاری و ئاشتیخوازه کان

به کاری ده هێنێت 2 ) .

کۆتایی سالانی شه سته کان و سه ره تای حه فتاکان ، کاتێک بزووتنه وه یه کی ناره زایی گه وره ی کرێکاران و خوێندکاران به رپا بوو . یه کسه رکه وتنه

دژایه تی کردنی ئه م بزوتنه وه یه و ناویان نا (کێشه ی دیمۆکراتی 3 ) .

هابه رماسیش ناوی نا ( چه پی فاشیزم 4 ) .ئه وان هه ر وه ک شومسکی ده لّێت :

( ده یانه وێت خه لّکی رۆلّی ته ما شه وان ببینێت 5 ) . نایانه وێت که خه لّکی

به شداری ژیانی سیاسی بێت . Walter Lippmann ، گه وره تیۆروستی لیبرال دیمۆکرات داوای چینێکی تایبه تی پیاوی سیاسی ده کرد ، که رابه ری

گه ل بکات 6 ) . تیۆرستێکی تریان که Reinhold Niebuhr ، مامۆستای زانستی سیاسی . هه روه ها Guru و George Kennan و

رۆشنبیره کانی که نه دیش ده ڵێن ( ته نها چینێک ده توانێت زاڵ بێت به سه ر سۆزوئاره زوه کانی ،به شێوه یه کی ته واو بریاره کانی عه قڵ زاڵ بێت به سه ریدا. به شێکی زۆری کۆمه ڵگاش ئه م سیفه ته یان تێدا نییه . هه ر له به ر ئه وه پێویسته ئه و چینه رابه ری کۆمه لگا بکات .چونکه ته نها ئه وانن له به رژه وه ندی گشتی تێده گه ن و ده یپارێزن 7 ) . ئه م بۆچوونه ش له چینه تایبه تیه که ی

نیتچه وه نزیه که، له وێوه سه ری هه ڵدا وه . هه ر چه نده شومسکی پێی وایه زیاتر ئه م بۆچونانه له پارتی پێشره وه که ی لینینه وه نزیکن ، بۆیه ناویان ده نێت

لینینیه کان 8 .

کاتێک که خه لکانێک دژی شه رو سیاسه تێکی سه رمایه داری ده وه ستنه وه .

یه کسه ر په نا ده به نه به ر پاتریۆتیزم و به خائین ناویان ده هێنن . به لام خۆیان گه ر پێش له شکری داگیرکه ران بکه ون زۆر ئاسایی یه .

له کاتێکدا بۆرجوازی ده وله تی نه ته وه یی دروست کرد ، ناسیۆنالیزمی داهێنا . ملیۆنه هاکه سی له ژێر ئه و ناوه به کوشت دا . خۆی ئاماده نییه به رگری له و دروشمانه ی بکات . له کاتێکدا کۆمۆنیسته کان به پێی مێژوو هه موو کات

ئاماده بوون گیانی خۆیان به ختبکه ن له پێناو گه له که یان و دژی داگیرکه ران

وه ستاونه ته وه .

ئه وه کۆمۆنیسته کان بوون به رگریان له پاریس کرد وبه ره نگاری له شکره که ی بسمارک بوونه وه . بۆرجواکانیش بوون پێش له شکری بسمارکی داگیرکه رکه وتن وپاریسیان قه لتانی خوێن کرد 9 .

ئه وه له شکره سوره که ی به لشه فیه کان بوو، به رگری له روسیاکرد و

به شه ریه تی له چه ته گه ری هیتله رو نازیه ت رزگار کرد . له شکری سپی بۆرجوازی روسیش بوو ، هه موو کات پێش داگیرکه ران ده که وت .

ئه وه پترۆسبۆرگی سوربوو به ره نگاری گه مارۆی نازیه کان بویه وه . پاریسی

لوتکه ی بۆرجوازی بوو ته نها به چوار هه فته داگیرکرا و بوو به پایته ختی

سۆزایه کانی نازی .

ئه وه کۆمۆنیسته کان بوون به ره نگاری له شکره درنده که ی هیتله ریان کرده وه

هه ر له پۆلۆنیاوه هه تا ده گاته فه ره نسا . مێژووش شاهیدی ئه و رۆڵه مه زنه ی کۆمۆنیسته کانه له شه ری دژ به نازیه ت .

ئه وه فرانکۆی فاشستی ئیسپانی بوو جاشی مه رۆکی و سه ربازی ئیتالی و ئه لمانی

هێنایه گیانی گه لی ئیسپانی. کۆمۆنیسته کانیش بوون به رگیان له خاک و گه لی ئیسپانی ده کرد .

ئه وه کۆمۆنیسته کان بوون ، وولاتی مه زنی چینیان ررزگار کرد . کۆمنتانگه بۆرجواکانیش بوون ، رۆلی جاشیان بۆ ژاپۆن و ئه مه ریکابینی.

کۆمۆنیسته کان به حوکمی ئه وه ی خاوه نی ئایدۆلۆجیایه کی مرۆڤین ،

له هه موو شوێن وکاتێکیشدا ، خاوه نی مۆرالێکی به رز بوون . به لام بۆرجواکان

به حوکمی ئه وه ی هه ڵگری ئایدۆلۆجیایه کی نامرۆڤین . له هه موو شوێن و کاتێکدا نزمترین مۆراڵیان هه بووه . ئه
وانه لیین ووته نی : خێڵی قه حبه ن
هیچ کات به رگریان له وولآت و نه ته وه نه کردووه. ئه وان هاوار ده که ن ده ڵێن :
سه رمایه ترسنۆ که . که واته سه رمایه داریش ترسنۆکه .
جۆرج بۆش له کاتێکدا شه ری خاچ په رستی به سه ر جیهانی ئیسلامی و
ره وه ندی ئیسلامی له ئه مه ریکا دا سه پان . که چی له گه ڵ خێزانی ال سعود و
ال لادن خه ریکی ویسکی خوادنه وه بوون . له کاتێکدا پروپاگه نده ی پاتریۆتیزم و دژه ئیسلامی له لووتکه یدا بوو ،
که چی به فرۆکه ی تایبه ت خێزانی ال لادن
ره وانه ی سعودیه کرایه وه10 . ئاخر ئه وان هه موو کات شه ریک و دۆستی
یه کتربوون .
.

## دڕنده ناسیۆنالیسته کانی رۆژهه ڵات

له کاتێکدا که مالیسته فاشسته کان ، شێت و هار ده بن کاتێک کوردێکی هه ژار
به زمانی زگماکی خۆی قسه بکات . که چی ئه و بێ ئابرووبانه ، ئاماده ن هه موو زامان ومێژوو ئایین ونه ته وه و ده
وله تیان بفرۆشن به ئه ورووپه کان . ئه وانه له ژێر باڵی ئیسلامه وه داوای ئیسلامه تی له کورد ده که ن . که چی
ئۆردوخان ده ستورێک کارده کات که به هیچ شێوه یه ک ناوی ئیسلامی تێدانییه .
به شار ئه سه دو رژێمه به عسیه فاشسته که ی ، به درنده ترین شێوه په لاماری
خه ڵکی ناره زای سوریاده دات . کوردو ئۆپۆزسیۆنه کان به پیاوی ئیسرائیل تاوانبارده کات . که چی خۆیشی ئاماده
یه به هه موو شێوه یه ک له گه ڵ شارۆنی فاشست رێک بکه وێت .
به عسیه کان . هه روه ک یه کێک له گه وره لێپرساوه کانیان ووتی :
ئێمه به قتاری ئه مه ریکی هاتینه سه ر حوکم 11
سه دامی پاڵه وانی عروبه . له و کاته ی داوای رزگاری عه ره به ئه حوازیه کانی
ئێرانی ده کرد . که چی پاش هه فته یه ک له و قسه یه ی ، چوو پارچه یه کی
گه وره ی له وولاته که ی به شا ی ئێران فرۆشت 12 .
ئه وه سه دامی عروبی بوو، شه رێکی دۆراوی به سه ر گه لی ئێراقدا سه پان و
زه حمه تکێشی ئێراقیش بوونه قوربانی . سه دامی عروبی بوو ده وله تێکی بچووکی عه ره بی داگیرکرد له ناوی برد
. هه ر خۆشی بوو وازی هێناو گه لی ئێراقیشی تووشی هه زاران نه هامه تی کرد . سه دام ئاماده نه بوو به هیچ شێوه
یه ک گوێ یان رێگه بدات به بچووکترین ناره زایی . که چی ئاماده بووCIA ئه مه ریکی
که شفی ژووری نووستنه که شی بکه کات .

پاڵه وانه کانی کوردایه تی !!!!

له کاتێکدا نه وشیروان و هاوپه یمانانی هه موو یان خوێندکارو شاگردی سه دام بوون . ئه وان له سه دام، سه دامی ترن . سه دام هه موو که سێک که دژی خۆی بوو به خائین تاوانباری ده کرد، ئه مانیش به هه مان شێوه . سه دام هه ر وه ک کاکه نه وه ده لێت له به رامبه ر دوژمنه کانیدا زۆر نه رم ره و بووه ، به ڵام
له گه ڵ گه له که یدا زۆر درنده بووه[13] . ئه مانیش به هه مان شێوه ی سه دام
هه لسووکه وتیان له گه ڵ خه لکی ئۆپۆزسیۆندا کردووه .
گه ر سه یری مێژووی ئه و دوانه بکه ین ، ئه وه ی پێی بڵێیت رۆحی کوردایه تی له و دوو هێزه دا نه بووه .
کاتێک به عسیه کان هه موو ئێراقیان به خوێن سورکرد
که چی مه لا مسته فای ( باوکی کورد !!!!!) بروسکه ی خۆشحالی بۆ ده ناردن [14]
هێنده ئێراقی بوو ئاماده بوو هه موو کورد بکات به سێو و پرته قال بۆ
ده مه جوانه که ی به عسیه درنده کان [15] . له کاتێکدا کۆمۆنیسته کان زۆر
مه ردانه به ره نگاری به عسیه کان بوونه وه و شه ریان له دژیان ده کرد . خۆراگری کۆمۆنیسته کان هه موو دوونیای هه ژاند . له هه موو کون قوژبنێکدا باس باسی چه ته گه ری به عس و، خۆراگری و شۆرشگێری کۆمۆنیسته کان بوو . باڵی جه لالیش له به کره جۆه هه وای خه میان بۆ ناو شارد ئه هاورد [16] . گه رچی له حه فتاکاندا به هۆی نۆکه ریان بۆ شای ئێران، شۆرشێکی گه وره یان له ناو برد که له مێژوو کوردا به ( ئاشبه تال ) ناو ده برێت .گه لی کوردیان تووشی مالوێرانیه کی تر کرد .
ئه وه کۆمه ڵه ی مارکسی لینینی بوو شۆرشێکی نوێ و مه شخه لێکی نوێی له ناو تاریکستانه که ی ئاشبه تالدا هه لکرد . گیانی کوردایه تی فێری خه لکی ده کرد. سالانی هه شتاکان خه لکی پێی شه رم بوو بلێت من ( یه کێتیم ) بگره ده یانووت
( کۆمه له م ) . چونکه، خه لکی ده ترسا که پێی بلێن جه لالی ، ئاخر ئه و ناوه لای خه لکی شه رمێکی گه وره بوو.
جێی داخه ئه م شۆرشه ش وه کوو هه موو شۆرشه کانی تر ،زه حمه تکێشانی کورد نه یانتوانی رابه ری شۆرشه که بکه ن ، هه ر بۆ یه شۆرشه که له ناو چوو. ترۆتسکی رابه ر و زانا ده ڵێت : ( مه رجی سه رکه وتنی هه موو شۆرشێک به ستراوه ته وه به وه ی ، که ئایا تا چ راده یه ک کرێکاران و ره نجده ران رابه ری ئه و شۆرشه ده که ن [17] ) .

شۆرشمان پێ نه کرێت شۆرشمان پێ تێکده درێت !!

هه ر چه نده مه لا مسته فا کاری خۆی لای شا ته واو کردبوو ، هه ر وه ک چۆن به رۆژنامه نووسێکی ئێرانی ووتبوو ( کاری من در ئینجا خلاس شود ) . به ڵام
له به ر ئه وه ی هێشتا شای ئێران کاری پێ مابوو، وازیان لێ نه هێنا . ئیتر ئه م که نه فته ش کوڕه کانی ناردوه وه تا به ته واوه تی کاره کانی بابیان به ئه نجام
بگه یه نن .

مامۆستا و زاناو ئه ندازیار و فه یله سووفی ئاشتی !!!!

ئیدریس وه لی عه هده كه ی مه مله كه ته كه ی بارزانی، كاتێک هاته سه ر حوكم

تازه گه لی ئێران له دژی شا شۆرشیان هه لگیرساندبوو ، گه لی كوردیش له ئێران شۆرشی خۆی به رپاكرد . كه چی وه لی عه هد ی كورد كه وته دژایه تیكردنی

گه لی كورد له ئێران و فریای جاشایه تی كه وتن بۆ حكومه ته نوێ كه .

له سه رانسه ری كوردستانی رۆژهه لاتدا چه ته گه ری به رزانیه كان ده نگی

دایه وه . هێنده ی خه لكی له وان ده ترسا ، له پاسداره كان نه ده ترسا . ئاخر

ئه مان چونكه په روه رده ی ده ستی سیاو موساد بوون فاشستر بوون و باشتر له هونه ری خوێنرشتن شاره زا بوون .

ئه وه كۆمۆنیسته كان بوون له سنه و كرماشان و سه قزو بانه ، شه ڕیان ده كردوو ، هاواریان ده كرد ( با ده بابه

كانی خومه ینی به سه ر لاشه ماندا برۆن ، نه ک كوردستان داگیر بكه ن ).

كه چی قاسملۆی كوردپه روه ر !!! ، هاواری لێ هه ستابوو ده یووت ( كه س له من ئێرانی تر نییه ) ، پاش ئه وه

ی كه گوێیان بۆ نه گرت و به ره و به غدا راویان نا ، له وێش ده ستی كرد به عێراق چێتی و هاواری ده كرد ( ئه

مه ی كه ئێوه داوتانه به كورد زۆر زۆره ) ، كابرا پاش ئه و هه موو شه ڕو كوشتاره ئه و

حه قه شی پێ ره وا نه ده بینین، كه به عسیه كان پێیان دابووین .

بابێینه وه سه ر وه لی عه هده كه ی مه لا ، پاش ئه وه ی كوردستانی ئێرانیان

قه ڵتانی خوێن كرد ، ئینجا روویان كرده ئه م دیوو. لێره ش یه كه مین كاریان ،

هه روه ک خۆی فه رمووبووی كه بۆ تێكدان هاتوون نه ک بۆ شۆڕشكردن . هێنده تامه زرۆی خوێنی كوردبوون یه

كسه ر قه سابخانه یه كی گه وره یان له هه كاری دروست كرد ،كه به ( كاره ساتی هه كاری ) ناو ده برێت . زۆر

سه یره پاله وانه كه ی ئه م كاره ساته ش سامی خوای دۆلاره ،كه چی ئێستا به شه هیدی نه مریی ناوده به ن . ئاخر

بۆیه هیچ كات حه زناكه م ئه مانه تیرۆر كرێن چونكه دوایی

ده بنه شه هید لێمان .

پارتی هه روه ک مه لا مسته فا ووتبووی ( له وه تی چه كه م هه لگرتووه ، هه ر كوردم كوشتووه و كورد كوشتوومی

) . به درێژایی سالانی هه شتا ،پارتی دووكاریان هه بوو :

1 ⁄ . نۆكه ری بۆ ئێران

2 ⁄. دژایه تی كردنی شۆرشی نوێ .

خوا هه لناگرێت هه ردوو كاره كه شیان زۆر مه ردانه به ئه نجام گه یاند .

پاش نه وه ته كان ، كه دابه زینه ناو شاره كان ، به پشتگیری ئێران خۆیان كرده وه به خاوه نی شۆرشه كه ، هه رچه

نده چه په كانیش هه له ی زۆریان كرد . بۆیه

ئه مانه ده ستیان به سه ر ئه و راپه رینه دا گرت . له هه موو ده سته كان و كۆمیته كانی راپه رین كه كۆمۆنیسته

كانی ناو شار دروستیان كردبوو ، یه ک

ئه ندامی پارتی تێدا نه بووه . ته نانه ت له راپه رینی دووه مدا واته مانگی ئاب ، كاتێک هه موو گروپه چه په كان

راپه رینیان راگه یاندو په لاماری هێزه كانی

به عسیان ده دا . پارتی و یه كێتی به ئێمه یان ده گووت ( سه رلێشێواو ) .

ئیزگه جنێوفرۆشه که ی یه کێتی ده یقیران ( ماسی له ئاوی لێلدا ناگیریت ) . پارتیه کانیش ده یانووت ( سه رۆک له به غدایه و ، مفاوه زاتمان له گه ڵ میری دا هه یه .)

سه رۆکی دلۆڤانیش له رۆژنامه ی به عس، ئیمه ی به( انهم خفافیش لیل!!!!)

ناوده برد. پارتی له جیاتی مه حکه مه کردنی جاش و به عسیه کان ، بوو به لانکه یه کی گه وره بۆ هه موو پیاو چاکانی !! به عس . به شێره کورانی بارزانی ناوی ده هێنان .ئینجا که وته گیانی کوردی باکور و جاشایه تی به قۆنته راتی بۆ

حکومه ته فاشسته که ی تورکی ده ستپێکرد سه ده یا گه نج و لاوی کوردی باکوری کوشت و ئه وه شی ده ستگیریان ده بوو به پاره یه کی زۆر بازرگانیان پێوه ده کرد . هه ردوو لاش ( پارتی و یه کێتی ) ئه م زه ماوه نده یان پێکه وه کرد . له سالی 1994 زیاتر له 36 کچی پێشمه رگه ی باکوور، پاش ئه وه ی خراپیان کردبوون ، ئینجا ته سلیمی تورکیایان کردن . پێشمان ده لێن ( ژن لامان

موقه ده سه !!!!)

پارتی دڵی به وه ش ئاوی نه خوارده وه ، پێکه وه له گه ڵ کۆپیه که ی . شه رێکی مالوێرانیان به سه ر کوردا سه پان ، بۆ ماوه ی 12 سال داهاتی گومورگی ئیبراهیم خه لیلی دزی و هه ر وه ک به عس گه مارۆی ئابووری به سه ر هه ولێر و سلێمانیدا سه پان . پارتی له خه م خۆری بۆ یه کپارچه یی ئێراق له شکره وولات پارێزه که ی به عسی هێنایه وه بۆ پایته ختی هه رێم !!!! . پارتی دلی به عه سکه ری

ئیعتیادیش ئاوی نه ده خواده وه ، له به ر ئه وه داوای حه ره س جمهوری له

سه دامی باوک کرد ، چونکه ده یزانی چه نده ئازایانه حه ره س جمهوری کورد

له ناو ده به ن . له کاتێکدا هه موو کورد شیوه نی بوو کاتێک عه بدولا ئوج ئالان گیرا .که چی ئه مان شاییان ده گێراو ، له جیاتی تورکیای فاشست له ته له فزیۆنه که یانه وه په لاماری گه لی کوردیان ده دا . ئاخر هه تاوه کوو ئه مرۆش کورد لای رژێمی فاشستی تورکی زمانی نییه. بۆ یه ئه رکه که ی به مان سپاردبوو

له جه نگی ئێراقدا کاتێک تورکیا ده یوویست به یه کجاری کوردستان داگیربکات و کاری به مان نه ما بوو، زیاتر له 200ملیۆن دۆلاری پارتیشی ده ستبه سه ر کرد ، ئینجا پاش چه ندین سال له جاشایه تی که وتنه وه کوردایه تی دروشم فرۆشتن

به سه ر خه ڵکیداو هاواریان ده کرد ( کوردستان ده که ینه

قه برستان بۆ تورکه کان ) . ده یانوویست به ناوی نه ته وه په رستی شه رێکی مالوێرانی به سه ر کوردا بسه پێنن . که چی پاشماوه یه ک بایاندایه وه و تورکیا

بوو به قوتابخانه یه ک لێو ی فێری دیمۆکراتی بن و ، مسته فا که مالیش بوو به مامۆستامان ، هه روه ک جه نابی کاک نه یچروان ووتی .18

کاک نه وشیروانی کورد په روه رو رابه ر

پێش 38 ساڵ له مه و پێش کاتێک کاک نه وشیروان له زانکۆی به کره جۆ!!!

له سه ر ده ستی مامی خۆی فێری کوردایه تی و نیشتمان په روه ری بوو ، که چی هه ر زوو خۆی لێمان کرده مامۆستا و، ئامۆژگاری حیزبی شیوعی ده کرد، که وه کو ئه وان بکات و واز له جاشایه تی بهێنێت ، وه کوو ئه مان

نیشتمان په ر وه ر و کۆمۆنیست بێت چونکه، حیزبی به عس سه فاره تی له  ئه لمانیا ی رۆژهه لات کرۆته وه !!
حیزبی به عس حیبزێکی شیوعیه و،مه لا مسته فاش جاش و نۆکه ری سه نتۆیه !!19
له حه فتاکان کاتێک قوتابخانه ی کوردستانی کچان شایی یان ده کرد . ئه م
براده ره چاوی به رایی نه ده هات و بۆمبێکی کوردانه ی فرێدایه ناویان کوشتارێکی زۆر کوردپه روه رانه ی به ئه
نجام گه یاند. له هه شتاکه نیشدا له به ر ئه وه ی
( حشع ) ته حریفی بوو ،که وته گیانیان و مه زبه حه که ی ( سه براو شه تێلای )  بۆ کردین به کوردی .

## تالیرانی کورد

نه وشیروان  ده ڵێت له به ر ئه وه ی گه لی کورد که سی تیانیه له هونه ری
مفاوه زات!! بزانێت ،بۆیه داگیرکراوه20 . هه ر له به ر ئه وه گه لی کورد ئه م
جاره یان  بریاری دا که وه ک جارانی تر نه کات .ده رس له مێژوو وه رگرێت
ئه م زاناو  بلیمه ته ی ی نارد بۆ به غدا .تا له گه ڵ پیاوه دیبلۆماسیه کانی به عس ( عه لی کیمیاوی ) مفاوه زات
بکات ، به شانازیشه وه وێنه کانیان له کتێبی
( په یامی شه ردا ) بلاو بکاته وه.
مفاوه زاتێکی مووحته ره می بۆ گه لی کورد هێنایه وه . به هه زاران رۆله ی کوردی کرد به (ئه فواج خه فیفه!!!) ،
به هه زارانی تریشی کرده وه به ژووره
گه رمه کانی ئه بوغرێبدا .

## گیفارای کورد

ئه م گیفارایه ی کورد هێنده رادیکال بوو ،به جارێک که وته گیانی ئه و هه موو پارت و لایه نانه ی که کۆمۆنیست نه
بوون . له وه تی به کێوه کانه وه بوو ، ئیش و کاری را وه شیوعی بووه ، ئاخر ئه وان ته حریفی بوون ئه میش
کۆمۆنیستێکی
عه یاره 24 بوو . ئاخر ئه م له ( هه ڵوێست وه رگرتن و هه ڵوێست ده ربرین تێ نه ده گه یشت21 ) ئه م نه
خۆشی کورد کوژیه ی ئه م براده ره کێویه!! درێژه ی کێشا ، کاتێک هاته وه ناو شاریش، هه ر له سه ر ئه م ره وشته
ی به ر ده وام بوو.

## کوره ئازاکه ی سلێمانی !!!!!

هێنده سلێمانی خۆش ده ویست ، تا له به ر خاتری خاتران چووه سه ر دینی

شیعه کان . که وته پێش پاسداره فیداکاره کانی ئیمام خومه ینی ، بۆ ڕزگارکردنی سلێمانی له ده ستی به عسیه فاشسته کان.  هه زاران تۆپی قورسی نا به خانوه قوره کان وکانی سپیکه ی ره ش کرده وه . سوێندی خواردبوو به زووترین کات
گه ره کی ئازادی ئازاد بکات .هه ر بۆیه شه و ڕۆژ تۆپی قورسی پێوه ده نا . بۆ ڕزگارکردنی شاره که ی بابه گورگوڕیش ، به گۆرانی چیمه ن که رکووکی ،که وته پێش پاسداران و ،فلیمێکی گه وره ی بۆ سینه ماکانی ئێران تۆمار کرد ، که
خه ریک بوو خه ڵاتی ئۆسکاری بده نێ . به ڵام خۆی قبوولی نه کرد چونکه ،
هی ئه مه ریکای کافرو شه یتان بوو.
پاش 15 ساڵ له و نه به ردیه ی که بووه هۆی ئه نفالکردنی گه رمیان . ئه و
براده ره ئه م جاره یان بایدایه وه وگۆرانی ( به عینوانی بۆ محیه دیین مه عروف و شێخ چۆپی و نووری عه لی ئه لێیت 22 ) . خه ڵکی که رکووکیش تاوانبارده کات ،
به وه ی که چه ندین ساڵه خه تای ئه وانه بۆیه مفاوه زاتی کورد سه رناکه وێت .
پێشی سه یره که خه ڵکانێک بڵێن هه ولێر پیرۆزه نابێت شه ری تێدا بکرێت .
چونکه لای ئه وشه ڕ له هه موو شتێک پیرۆزتره  .

## مه لا کورد په روه ره کان !!!!

پاش ئه وه ی عه ره به کان به زه بری شمشێر کوردیان کرد به موسڵمان .
خه ڵکانێکیان له جیاتی خۆیان به جێهێشت و توێژێکیان به ناوی ( مه لا ) دروست کرد.
ئه م توێژه له و ڕۆژه ی که دروست بووه ، هه تاوه کوو ئه مرۆش . جاشایه تی بۆ عه ره ب کردووه و پارێزگاری له ستراتیژیه تی عه ره بی کردووه.
له سه ر ده می خه لافه تی عوسمانی تورکیدا ، هه مان ڕۆڵیان بۆ تورکه کان
ده گێراو، هه ر که س داوای ماڤی خۆی بکردایه ،یان داوای جیابوونه وه یان بکردایه فتوای کوشتنیان بۆ ده رده کرد .
زێوه ر ده ڵێت  : ( خێلی جاف ترسی ئیسلام نه بوایه ، ده مێک بوو ده وله تیان دروست ده کرد 23. ) .
ئه وه مه لای خه تی بوو که میرنشینه که ی سۆرانی روخاندوو . بوو به جاشی تورک . له کاتێکدا خه ڵکی ره ش و رووتی سۆرانیش، به دل و به گیان به رگریان له میرنشینه که  ده کرد .
ئه وه مه لاکان بوون ، مسته فاکه مالی موسڵمانیان !!! کرد به نوێنه ری کوردو  له جیاتی کورد قسه ی کرد . بگره هه ر ئه وانیش بوون هانی خه ڵکیان ده دا که
نه چن له گه ڵ ئینگلیزو دژیان شه ر بکه ن .
ئه وه ئه وان بوون خه ونی کوردیان زینده به چاڵ کرد نه ک کۆمۆنیسته کان .
هه تاوه کوو ئه مرۆش به هیچ شێوه یه ک ناوێرن بچووکترین ره خنه، له و رژێمه فاشستانه بگرن که کوردیان داگیرکردووه . کۆمۆنیسته کانیش له هه ر چوار
پارچه ی کوردستان پێشره وی هه موو نارِه زایه کانن که ده کرێت له دژی

ئه ورژێمانه .

ئه وه خه تیبی مزگه وتی گه وره بوو ( براکه ی کاک ئه نوه ری مۆسیقا ژه نی شێخ چۆپی )، له جیهاندا به رگری له سه دام و کاره چه په ڵه کانی ده کرد . نه ک کۆمۆنیسته کان .

ئه وه مه لا ئه حمه دی خانه قای بوو ، که بازرگانی به شه ری ناوخۆوه ده کرد .

کۆمۆنیسته کانیش بوون که دژایه تی شه ری ناوخۆیان ده کرد .

مه لا عه بدول که ریمی موده رس پێش شه ری ئه مه ریکا هێنایانه سه ر

ته له فزیۆن و فتوای جیهادکردنی له دژی ئه مه ریکیه کان دا. که چی کاتێک

سه دام کوردستانی وێران کرد فزه ی لێوه نه هات .

چه ندین ساڵه له هه ورامان کۆمۆنیستی لێ بووه . هه موو کاتێکیش کۆمۆنیسته کان رێزیان له بیروباوه ری خه لکه که گرتووه .به پێچه وانه وه مه لاکان هه موو کاتێک دژایه تی بیری کۆمۆنیست و کۆمۆنئسته کانیان کردووه . که چی کاتێک کۆمه لێک ئیماندار !!! هاتنه ناوچه که و داگیریان کرد ، که وتنه په لاماردانی خه لکی ناوچه که و، هه رچی قه بری شێخانی نه قشه به ندیش هه بوو ، هه موویان

ده رهێناو فرێیان دایه ناو زێرابه وه . که چی هیچ مه لایه ک نه یوێرا فتوای کووشتنیان بۆده ربکات .یان ناره زایی ده رببرێت .گه ر ئه وه کۆمۆنیسته کان شتی وایان بکردایه ، ئه وا هه رچی کۆمۆنیسته، به ردبارانیان ده کرد . به لام بۆ

ئیسلامیه کان شتێکی زۆر ئاساییه گه ر شتی واش بکه ن .

ئه وه ئیسلامیه کانن به زه بری پاره نایه ڵن منداڵانی کورد ناوی کوردیان هه بێت.

ناوی عه ره بیان لێده نێن .مامۆستا کۆمۆنیسته کانیشن به رگریان لێده که ن ،بۆیه به بێ ئه خلاق ناویان ده به ن



پایه به رزی زاناو بلیمه تی گه ل ئایه تولاسیستانی

چه ند وه خته له ئێراق بووم ، هیچ کات که س گوێی له م ناوه نه بووه . ئه م ناوه

هه مووی ساڵێکه به ر گوێمان ده کوێت . که چی له پر ئه مه ریکیه کان ئه م

کابرایه یان لێ کردین به زانا و سه رکرده ی ئێراق .

سیستانی بۆ خۆی به ره گه ز ئێرانی یه ،نازانم کابرایه کی ئێرانی چۆن حوکمی ئێراق ده کات . له کۆتایی هه فتاکان کاتێک به عسیه کان عاشوراو سنگ کوتینی

شیعه کانیان قه ده غه کرد .خه ڵکێکی زۆر چوون بۆ لای ئه م کابرایه و داوایان لێکرد که فتوای جیهاد له دژی به عس ده ربکات . که چی ئه م ووتی ( ما دخل لی فی سیاسه!!) .ده یووت ئایین هیچ په یوه ندی به سیاسه ته وه نییه .

ئه م کابرایه کی موباره که و نایه وێت خۆی به سیاسه ت پیس بکات .

به لام کاتێک به عسیه کان که وتنه گیانی کۆمۆنیسته کان ، فتوای بێ دینی بۆ کۆمۆنیسته کان ده رکرد و پشتگیری به عسیه کانی کرد .

له هه شتاکان کاتێک سه دام شه ری له دژی ئێران راگه یاندا . جارێکی تر خه ڵکی چوونه وه بۆ لایی و پێ یان ووت ، ئه وه گه لی موسلمانی ئێرانه و شایان رووخاندووه و بۆ یه که مین جاره کۆماری ئیسلامی دروست بێت، چۆن ده بێت

شه ریان له گه ڵ بکه ین . داوایان لێکرد که دژی ئه م جه نگه فتوا له دژی
به عسیه کان ده ربکات.که چی ئه م جاره شیان ووتیه وه ( مادخل لی فی سیاسه !) کاتێک سه دام کوێتی داگیرکرد
و که وته تالانی ، به هه مان شێوه خه ڵکی چوون بۆ لایی و پێیان ووت ،ئه وه کوێتی دراوسێ و هاوره گه زمانه چۆن
ده بێت ئه م ناحه قیه قبوول بکه یت . یا شێخ شتێک بکه .
که چی ئه م جاره شیان هه ر وه کو جارانی ووته وه و هیچی نه کرد .
کاتێک خه ڵکی ئێراق له دژی سه دام ڕاپه ڕینی کرد ، ئه م هه ر قسه ی نه کرد . کاتێکیش سه دام به دڕنده ترین
شێوه په لاماری خه ڵکی ڕاپه ریوو ئێراقی دا . ئه م هه ر مێشێک میوانی نه بوو . ته نانه ت کاتێکیش سه دام مه رقه
ده که ی
حه سه ن و حسێنی به سه ردا ڕووخاند . ئه م هه ر نوتقی نه کرد .
به لام کاتێک که ئێراق ڕزگاری بوو ، سه دام ڕووخا .ده می کرایه وه و له کۆتایدا فێری قسه کردن بووا!! . یه که
مین قسه شی نامه یه کی پڕ هه ڕه شه داری بۆ
نه ته وه یه کگرتووه کان ناردوو ، داوای لێکردن به هیچ شێوه یه ک نابێت ناوی کورد بهێنن . دژی فیدرالیه ت
فتوای دا . ئینجا ئیتر فێری قسه ی سیاسی بوو داوای هه ڵبژاردنمان لێده کات و ئایاتی ئینتخاباتیشی بۆ دروست
کردین . ئه وه شی
به قسه ی نه کات سزا ده درێت .

## هه ڵبژاردن یان هه ڵخه ڵه تاندن !!

پاش سیانزه ساڵ دیسانه وه ناوی هه ڵبژاردن هاته وه گۆڕێ . گه رچی هه ر
که سێک پێشتر باسی هه ڵبژاردنی بکردایه ، یه کسه ر سزا ده درا و زیندانی
ده کرا . به لام کاتێک که ئه مه ریکای باوک ووتی یه لا هه ڵبژاردن ، ئه مانیش
یه کسه ر ووتیان ، به ڵێ به سه ر چاو.

## ئێمه بۆ دژی ئه م شانۆگه ریه ین

ئێمه به هیچ شێوه یه ک دژی هه ڵبژاردن نه بووین. بگره ئێمه دژی شێوه ی
هه ڵبژاردنه کان بووین . چونکه ئێمه پێمان وایه :
1-ئه م هه ڵبژاردنه به فشاری ئه مه ریکا کراوه و ، هیچ په یوه ندیه کی
به ره زامه ندی گه لی ئێراقه وه نییه . بگره ئه مه یارییه که ئه مه ریکا ده یکات ، بۆ ئه وه ی وای له جیهانی بگه یه
نێت ، که گوایه ئه مه ریکا هێزێکی ئازادیخوازه و دیمۆکراتی بۆ گه لی ئێراق و ناوچه که هێناوه .ئه مه ریکا هه ر وه
ک شومسکی
ده ڵێت ( وولاتێکی نا دیمۆکراته و ، له لایه ن پارتێکه وه حوکم ده کرێت که دوو فراکسیۆنی هه یه و، ئه و دوو
فراکسیۆنه ش نوێنه رایه تی خه ڵکی ناکه ن ، بگره
ئه وانه نوێنه ری چینی سه رمایه داری ئه مه ریکی ده که ن 25 )

2- ئه م هه ڵبژاردنه له ژێر فشاری سیستانی  و هێزه ئیسلامیه کۆنه په رسته کان ده کرێت . که هه موو مان ده زانین ئه مرۆ ده یانه وێت له ژێر ناوی هه ڵبژاردنه وه  حکومه تێک و ده ستوورێکی درنده ی دژه مرۆڤی ئیسلامی به سه رگه لی ئێراقدا پسه پێنن . هه مووشمان ده زانین ئه م هێزانه هیچ کامیان باوه ڕیان به دیمۆکراتی نییه .

3- دابه شکردن  کورسیه کان له نێوان یه کێتی  وپارتی . واته گه ڕانه وه بۆ حوکمی فیفتی به فیفتی . له ژێر ناوی یه ک ده نگی کورده وه ئه مانه گه وره ترین بازرگانیان به ده نگی کورده وه کردووه . ئه مان خۆیان ده یانزانی به شێکی

خه ڵکی تێگه یشتووه و ده نگیان پێنادات.بۆیه فیلّی لیستی هاوبه شی کوردیان

هێنایه ئاراوه.

4- پارتی و یه کێتی ، دوو هێزی دژه دیمۆکراتی ، ئینسانین . که به رای ئێمه ئه م هه ڵبژاردنه ش له م کاته د ا ته نها بۆ شه رعیه تدانه به م دوو هێزه.ئه م دووانه له ماوه ی ئه م چه ند ساڵه دا ده رکه وت ، که ئه وه ی پێی بلێیت دیمۆکراتی و ئازادی و کوردایه تی له م دوانه دا بوونی نییه . بگره ئه مانه  ئه وه یخراپ بوو

کردیان :

-سه پاندنی شه ڕێکی ناره وای هه شت ساله  وه کوو به عس به سه ر کوردا

-دزینی پاره و سامانی گه ل

-هه راجکردنی سامانی نه ته وه یی

-سه پاندنی باج و گوومرگ و سه رانه یه کی زۆر  به سه رخه ڵکی

- راو نان و ده رکرد نی ئه وکه سانه ی که دژیانن

- ئاوا ره کردنی هه زاران خه لک له هه ولێر و سوله یمانی

- سوتاندن و وێران کردنی به شێکی زۆری ناوچه کانی کوردستان . هه له بجه و

هه ورامانیان کرده گۆڕه پانی شه ره نه گیریسه کانیان.

-کۆچکردنی به شێکی زۆری خه ڵکی بۆ هه نده ران ، که زووربه ی پسپۆر

شاره زایان روویان کرده هه نده ران .

- تیرۆرکردنی سه ده یا که سی رۆشنبیرو رووناکبیر و سیاسی ، له ساڵی 1993 به س ته نها له بادینان ( زه ردستان ) کۆمه ڵێک که سی سیاسی تیرۆر کران .

( نه زیر عومه ر ( حککع)، فره نسیس شابۆ ( بزوتنه وه ی ئاشوری )، رێناس

( زه حمه تکێشان ) ، ره ئووف کامل ( کۆمه ڵه تێکۆشانی ره نجده ران ) ،

چه ندین که سی تریش . هه رچی که سی ئه کتیف هه بوون یه کسه ر تیرۆریان کردن . پارتی ( نه زیر عومه ر ) ی ته نها له به ر ئه وه ی رۆژنامه ی

( بۆ پێشه وه ) ی بلاوده کرده وه سووتانیان ، نه شیان هێشت که س و کاری

ماته مینی بۆ دانێێن . که چی له دهۆک 6 قوتابخانه ی تورکیان کردۆته وه ،

به بێ ئه وه ی تورکمان له و شاره دا هه بن .

دیاره هه روه ک چۆن جگه ره کێش چێژ له سووتاندنی جگه ره ده کات

هه روه ک چۆن ماسی گر، تام له گرتنی ماسی ده کاتتتتتتتت

هه روه ک چۆن ڕاوچی خۆشی له کوشتنی راوه که ی ده کات

فاشسته کانیش به و شێوه یە،چێژ وتام و خۆشی، له سووتاندن و ڕاو نان و
کووشتنی کۆمۆنیسته کان ده که ن

-دابه شکردنی  کوردستان به سه ر دوو ناوچه دا . هه تاوه کوو ئه مڕۆش
ئاماده نین حکومه تۆکه کانیان بکه نه وه یه ک . دیاره ئه وه ش له به ر دزی .
هه ر وه ها گه شه سه ندنی گیانی ناوچه گه ری و نه مانی گیانی کوردایه تی .
که هه ر یه که یان بۆ به رژه وه ندی سیاسی خۆی ، گیانی ناوچه گه ری گه شه
پێده دات . ئه مانه هێنده بۆگه نن ، ئاماده ن بۆ به رژه وه ندی خۆیان گیانی
گه ره ک چێتیش دروست بکه نه وه. ته نانه ت ووشه و زمانی کوردیشیان کرد وه به دوو به شه وه .
- بلاوبوونه وه ی گه نده ڵی ئیداری و سیاسی . له جیاتی فێرکردنی خوره وشتی چاك و ده ستپاکی و به هه ره مه
ندی ، ( ماساتو چێتی و موشه خۆری ،
خۆهه ڵواسین  )یان فێری خه ڵکی کردووه.ته نانه ت خۆشیان نکوولٚی له وه ناکه ن26
هه ر چه نده ئه و یاریه ی که له م دوا یه دا مامه کردی ، که گوایه کۆمه لێک
ئه ندامانی سه رکردایه تی دژی ئه ون . به لاّم ئه مه ش هه مووی شانۆگه ریه ک بوو مامه خۆی به ڕێوه ی برد .
چونکه له وکاته دا گه نده لی عه ره فات له هه موو جیهاندا باسده کرا، له کاتێکدا گه له که ی له برسا ده مرد، ژنه
که شی بۆ ماوه ی سێ ساله له هۆتێلێکی 5 ئه ستێره دا ده ژی و خاوه نی ملیارات دۆلاره . مامه ش بۆ ئه وه ی که
س باسی خۆی نه کات ئه م شانۆگه ریه ی دروست کرد . ئاخر
نه وشیروان کاتێك به مامه ی ووتوه (   گه ر گووله یه ک به ره و رووت هات، من خۆم ده خه مه به ری تا تۆ نه
مریت 27 ) ،له و سه رده مه دا که که س
مه رحه بای مامه ی نه ده کرد . چونکه ده ترسا خه ڵکی پێی بلێن جاش!!  . ئێستا چۆن له م کاته دا له قسه ی ده
رده چێت . ئایا هیچ شتێك له گیان شیرین تر
هه یه!!!.تاتۆ ئێستا له سه ر پاره و گه نده ڵی سیاسی شه ڕی له گه ڵ بکه یت.!!!!!!
- پارتی ویه کێتی دوو هێزی شه رخوازن ، ئه وانه له وه تی هه ن هه ر خه ریکی شه ر و چه ته گه ریبوون. هه موو
خه ڵک لێیان پارایه ،وه هه رله دایکی شه هید تا ده گاته پیاو ماقوول و خوێندکاران . ئه وانه به قسه ی که سیان نه
کرد.  که چی
به چه قه نه یه کی ئه مه ریکا، یه کسه ر  ڕێک که وتن . ئه وانه هیچ کات ڕێزیان له ئیراده ی گه لی کورد نه
گرتووه ، هه تاوه کوو ئێستاش باوه ریان به هیچ شێوه دیمۆکراتیه تێک نییه . بگره ئه وان وه کوو دوو مافیای چه ته ،
له گه ڵ خه ڵکی
هه ڵسوکه وت ده که ن. هه ر چی پارتی بچووکه په لاماریان داوه ،هه ر که سێک دژیان بێت یه کسه ر به عس ئاسا
له ناوی ده به ن . ئه وانه هه تاوه کوو ئه مڕۆش باوه ریان به ئۆپۆزیۆن نییه ، هه ر وه ک چۆن به عس به خه لکی
دژی خۆی
ده ووت خائین ، ئه مانیش به هه مان شێوه . ئیتر هه ڵبژاردنی چی .
- هێنانی هێزی حکومه ته داگیرکه ره کانی کوردستان و په لاماردانی کورده کانی باکوور رۆژهه لاّت . ئه وانه وه ک
دوو هێزی جاشی نیو ده وڵه تی هه ر یه که یان بۆ وولاتێک کار ده که ن .
5- ئه م هه ڵبژاردنه له زۆر شوێندا  ماقی کوردی خواردووه  . له که رکووک و

خانه قین  و ناو چه کانی تر بۆ کورد نه بووه ده نگ بدات به پارته کوردیه کان .
له لایه کی تره وه ئه م هه ڵبژاردنه واته به ره سمی ناساندنی شوێنه ته عریب
کراوه کان . که ئه مه خیانه تێکی گه وره یه له و خه باته زۆره ی که کورد کردوویه تی . ته نانه ت له ده ره وه ش
ماڤی کوردیان خوارد.له وولاتی نه رویچ
له به ر ئه وه ی ڕێژه ی کورد زیاتر بووه ،نه یانهێشت  له وێ ده نگدان بکرێت .

## ئوم حه له و قۆنته راتچیه کانی هه ڵبژاردن

جاران ده بوایه هه موو گۆرانی بێژانیک  گۆرانیه کی به سه ر سه دامدا  بووتایه ئینجا بۆی هه بوو گۆرانی بڵێت .
ئه مرۆش له سایه ی ئه و دووانه دا هه ر هه مان یاسا به ڕێوه ده برێت . ئاخر هه ر کۆنه به عسیه کانن ، ته له
فزیۆنه کانیان بۆ
به ڕێوه ده به ن .یه کێک له و گۆرانیانه ی که تا وه کوو ئێستا له یادمه گۆرانی
( یا ئه بو حه له) بوو.که ژنێک به سه ر سه دامدا ده یووت . دیاره سه دام
حه له ی کچی تاکه خۆشه ویستی بوو .
له کاتی هه لبژاردنه کان بازرگانیه کی  نوێ داهات ناویان نا ( چاودێرانی
هه ڵبژاردن ) . که بۆ هه ر یه کێک   له و چاودێرانه رۆژانه 200 دۆلاریان
ده دانێ .ئه م که سانه ش ئیش و کاریان ئه وه بوو ، که گوایه چاودێری
هه ڵبژاردنه کان بکه ن . بۆ وه رگرتنی که سانی واش ده بوایه ئه م سیفه تانه ی تێدا بێت .

1- خاوه نی پله یه کی به رزی خوێنده واری بێت  .
به لایه نی که مه وه به که لۆریۆسی ته واو کردبێت .
2- ده بێت سه ر به هیچ پارتێکی سیاسی  نه بێت .
3- ده بێت خه ڵکی ئێراق بێت .

به لام له زۆر شوێن نه ک ئه و سیفاتانه ،بگره دژی ئه و سیفاتانه ش خه ڵکیان دانابوو .
یه کێتی و پارتی ئه مه هه له شیان  قۆزته وه  ، له جیاتی چاودێر کۆمه ڵێک
خه ڵکی ماستاو چی و هه لپه رست  و کۆنه به عسیان ، له جیاتی چاودێر دانابوو .
ئاخر هه لبژاردنێک که ئه وان  و ئه مه ریکا سه رکرده ی بن ، ده بێت هه ر
ئه وکه سانه به ڕێوه ی به رن.له هه مووی خۆشتر له مانهایم / ئه لمانیا . ژنێکی
عه ره بیان دانابوو ، که نه خوێنده واریش بوو . ئه م ژنه هێنده سه دامی یه،
هه موو منداله کانی  به ناوی منداله کانی سه دامه وه ناو ناوه .کورێکی هه یه ناوی عوده یه ،یه کێکی تری ناوی قوسه
یه ، دووکچی هه یه ناویان ره نده و حه له یه . خۆشی ناوی ئوم حه له یه .
بگره خه ڵکێکی زۆر له به ر ئه و که سانه ی که دایان نابوون وه کوو چاودێر .
به شداری هه لبژاردنه که یان نه کردبوو.

## کی که رکووکی فرۆشت

ماوه ی چل ساله خه لکی که رکووک ،بووه ته قوربانی رژێمه یه ک له دوا
یه که کانی ئێراق . که ئه م شاره به سه زمانه. له به ر ئه وه ی نه وتی تێدا بوو ، ده بوایه هه موو کورد بچه
وسێنرێته وه و ده رکرێت له شاره که . چه ندین ساڵه
باله ناسیۆنالیسته کانی کوردیش بازرگانی به و خه ڵکه هه ژاره وه ده که ن .
ئه مان کاتێک که خۆیان به ئه مه ریکا فرۆشت و بوون به جاشی . به هیچ
شێوه یه ک باسی ئه و شاره نه کرابوو . قۆنته راتچیه کان کاری خۆیان باش
ده زانن ،بۆیه نه چوونه که رکووکه وه . تاله بانی پێش ماوه یه ک له کاتی پێشوازی کردنی له خه لکی سلێمانی ووتی
( نه وتی که رکووک به م زوانه ته واو ده بێت . ژێر سلێمانیش هه مووی نه وته 28 ) . ئاخر ئه مان هه ر ئاگایان
له پاره و دزینه ،
وا ده زانن هه موو کێشه کانیش هه ر پاره یه . کێشه ی که رکووک ،ته نها نه وت نییه . کێشه ی که رکووک کێشه
یه کی ئه خلاقی و ئینسانییه ، که چه ندین ساڵه خه ڵکی ئه و شاره ده چه وسێنرێته وه و ده رده کرێت .
پێش مانگێک عه لاوی پاره که ی که مکردنه وه بۆ رێژه ی 9% داهاتی ئێراقیان بداتێ . ئه مان یه کسه ر که وتنه
به رزکردنه وه ی دورشمی کوردایه تی و هاوارکردن به ناوی که رکووکه وه . ووتیان به شداری هه ڵبژاردن ناکه ین
.

به لاَم کاتێک که مامه و نێچیر چوونه به غداییینی
هه موو دورشم و هاواره کان که وتنه خوارێێێێێی
که گه رانه وه هه موو کێشه کانیان چاره سه ر کردبوو. رێژه ی پاره که
به رزبوویه وه بۆ 17% . ئیتر که س باسی که رکووکی نه کرد . عه لاوی
به عسی باش ده یان ناسێت مه عمیلی کۆنن!!!.
کاتێک رێبوار ئه حمه د لیده ری ( حککع ) داوای ئاشتی و برایه تی له
که رکووک کرد. به جارێک هه زاران زمان پیس قسه یان پێگووت . به لاَم کاتێک که مامه و کاکه ، ده ڵێن که
رکووک شاری برایه تی و کوردوعه ره ب و تورکمانه
به ئێراقی بچووک ناوی ده به ن که س له و زامان پیسانه قسه ناکات بگره پشگیریشاین ده که ن .
له لایه کی تره وه ئه مانه باسی ئه رکی ئاینی ده که ن خۆیانمان لیده که ن
به موسلمانی عه یاره 24 ،. که چی چ ئه وان( پارتی ویه کێتی ) ، چ (سیستانیش) له بیریان چووه ،که ئه مه ریکا
گه وره ترین دوژمنی جیهانی ئیسلامیه هه ر وه ک خۆیان ده ڵێن . ئیتر چۆن ده شێت به کارێک بووترێت پیرۆز، ئه
گه ر هێزێکی وه کوو ئه مه ریکابه رێوه ی ببات . بگره حه رامیشه ده ست له گه ڵ ئه و کافرانه!!!. تێکه ڵ بکه یت

کی کورد په روه ره
ساڵه های ساڵه پارتی و یه کێتی له ژێر ناوی ناسیۆنالیزم خه ڵکی کورد
هه لده خه له تێنن. کۆمۆنیسته کانیش به وه تاوانبارده که ن ، که دژی کوردایه تین و نایانه وێت کورد ده وله تی هه
بێت .

له وه تی بیری کۆمۆنیستی له ناو کۆمه ڵگه ی کوردیدا بلاوبۆته وه . کۆمۆنیسته کان هه موو کات له ریزی پێشه وه ی هه موو ناره زایی و خۆپیشاندان و راپه رینه کان بوون .

بۆ یه که مین جار که پارتی کۆمۆنیستی دروست بوو ، ماڤی چاره ی خۆنووسینی

بۆ گه لی کوردی راگه یاند . ته نانه ت ئه و کات به شێکی زۆری کوردپه روه ره کان له ریزی ئه و پارته دا کاریان

بۆ کێشه ی گه لی کورد ده کرد. له وانه

( گۆران ، قانع ، حه مه سالح دیلان... ) بگره پارتی هیواش بالێکی کوردی پارتی کۆمۆنیست بووه .

له پاش ئاشبه تاڵ یه که مین گروپ که دروست بوو ، ( کۆمه ڵه ی مارکسی لینین) ناو بوو . که دوایی جه لالیه کان ده ستیان به سه ردا گرت . ئه وه ی بۆیان کوژرا ، به ته ورو داس کوشتیان . ئه وه شی نه کوژرا هه ڵات و وازیان هێنا .

کۆمۆنیسته کان بوون که ده سته ی راپه رینیان دامه زراند، دژی به عسیه کان

خه ڵکیان راپه راند . له راپه رینی دووه م به ئاشکرا ( پارتی و یه کێتی ) دژی خه لکانی راپه ریو شه ریان ده کرد . کۆمۆنیسته کان هه موو کات داوای لابردنی گه مارۆی ئابوریان ده کرد، ئه وانیش له گه ڵ گه مارۆکه دا بوون. کۆمۆنیسته کان داوای باشکردنی باری خه ڵکی مووچه خۆروهه ژاریان ده کرد ، مانیان ده گرت بۆ به رزکردنه وه ی کرێی مووچه خۆران و کرێکاران .به لام ئه وان ئێمه یان به تابووری پێنچه م و پیاوی به عس ناو ده برد.

ئاکسیۆنه که ی مانگی سێپته مبه ری 1993 شاهیدی ئه م حاله ن .

ئێمه بووین دورژمی ئازادی بێ قه یدو شه رتی سیاسیمان به رزکرده وه ، ئه وانیش بوون رۆژنامه و پارته کانیان داده خست . ئێمه هه موو کات داوای پاراستنی ماڤی مرۆڤمان ده کردو ،مانگرتنمان ده کرد . ئه وانیش بوون ته قه یان لێده کردین و ماڤی مرۆڤیان پێ شێل ده کرد . ئێمه دژی تیرۆر بووین ، ئه وان خه لکیان تیرۆر ده کرد. پێش هه شت سال (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ) کاری بۆ ریفراندۆمی

گشتی ده کرد ، که ده یانوسیت به سه رپه رشتیUN گه لی کورد رای خۆی

ده ربرێت ، به جیا بوونه وه یان مانه وه له ناو ئێراق .

که چی یه کێتی که وته گرتنی هه موو ئه وکه سانه ی که به و کاره هه ستاون

ته نانه ت باره گاکه شیانی پێ داخستن . به لام پاش هه شت سال خۆیان کرد

به خاوه نی ریفراندۆم . هه ر چه نده ئه م ریفراندۆمه شیان فرۆشت.

له کاتێکدا ( مه نسوری حیکمه ت ) داوای ریفراندۆم ده کات بۆ گه لی کورد ،

که چی عه بدولا ی حه سه ن زاده تاوانباری ده کات و ده ڵێت ( ئێمه داوای جیابوونه وه ناکه ین ، ئه وه خه ڵکانی ناسیاسین داوای شتی وا ده که ن . ئێمه داوای خودموختاری ده که ین 29 ) . ته نانه ت رازیش نابێت و باوه ریش ناکات گه ر کورد، پاش په نجا سالی تریش له ئێران جیابێته وه .30

ئه وه کۆمۆنیسته کانن له سه رانسه ری دونیا که پشتگیری له کێشه ی کورد

ده که ن . سه عدی یوسف ، هادی عه له وی ، ئه مانه هه موویان کۆمۆنیست بوون ئه وه شاعیر وئه دیب و نووسه ره کانی بۆرجوازیش بوون ، که رۆشنبیرانی بۆرجوازی کورد پێیان مووعجیبه ، شیعریان به سه ر سه دام دا ده ووت ، به پاڵه وانی عه ره بیان ناو ده برد.

دوا ووشه

له پاش راپه رینه وه بۆ هه موو كه س روون بۆته وه ، كه ئه و دووهێزه . هيچ
په یوه ندیه کیان به کوردایه تی و نیشتمان په ره وه ریه وه نییه . بگره ئه وانه
له وه تی دروست بوون بۆ دژایه تی کردنی خه ڵکی زه حمه تکێشی کورد دروست بوون .
ئێوه نه پێشمه رگه بوون وه ک خۆتان ده ڵێن . نه کوردایه تیشتان کوردوه .
بگره ئێوه :

پێش ئاخ چه م بووووووووووون

پێش دزی بووووووووووووون

پێش دۆلار بووووووووووووووون

پێش پاره بووووووووووووووون

پێش قه حبه بووووووووووووون

پێش تالانی بووووووووووووووون

پێش .... هه موو شتێک بوون به ڵام پێش مه رگه نه بوون .

ئێوه ته نها پێش Money بوووووووووووووووون

ئێمه ی کۆمۆنیستیش هه موو کات پێش مه رگه بووین

ئه رده لان عه بدوڵلا

ئه ڵمانیا

سه رچاوه و په راوێزه کان


Noam Chomsky,Midia Control,Europa verlag.S3 _1
2_ هه مان سه رچاوه لاپه ره 30
3 _ هه مان سه رچاوه
ZDF, Die 68 Generation, Reportage– 4
Chomsky,Midia Control,Europa verlagS36.5

6_هه مان سه رچاوه
7 _ هه مان سه رچاوه
8 _ هه مان سه رچاوه
9 _ گۆڤاری گاوورباغی ، ژماره 6 ، کیسرا هه ورامی ، کۆمۆنه ی پاریس
ARD,reportage, _10
11_ حسن علوی ، العراق دوله منزمه سریه
12 _ هه مان سه رچاوه لاپه ره
13 _ نه وشیروان موسته فا ، په نجه کان یه کرتی ده شکێنن.
14 _ رحیم عجینه، مزکرات ، دار الساقی
15 _ ئه و کات به مفاوه زه که ی مه لا مسته فاو به عسیه کانیان ده ووت ؛
( مه لا مسته فا کوردی به سێو پرته قاڵ فرۆشتووه )

16 _ شێکۆ بێکه س به و شێوه یه کاتی خۆی وه سفی جه لالیه کانی ده کرد .
بروانه .حه مه سه عید حه سه ن ، باسێوسکه ی شیعر به ر شه واره نه که وێت
17 _ ترۆتسکی ، السوره الروسیه ، ترجمه . اکرم دیری ،الهیسم الایوبی الموسسه
العربیه للدراسات النشر ، ل 788
18 _ئه مجه د شاکه لی ،تورکیای دیمۆکرات، کوردستان نێت .
19 _حه مه سه عید حه سه ن ، قه ڵه م و شمشێر
20 _ نه وشیروان موسته فا ،په نچه کان یه کتری ده شکێنن
21 _ئه حمه د بانیخێلانی ، شه رعیه تدان به شه ڕی ناوخۆیی و سیاسه تی
خۆسه پاندن .
22 _ هێمن که رکووکی ،نه شیروان مسته فا ،سه رکرده یه کی ناوچه یی و
نه ته وه یی کوردستان نێت .
23 _ دیوانی زێوه ر ، پێداچوونه وه ی محمه دی مه لا که ریم ، ل46
24 _ ده نگگه کان ، گه شتێک به ناو رۆژنامه کاندا ، رۆژنامه ی هاوڵاتی ،
25 _ Noam Chomsky,Profit Over People,s18
26 _ نامه که ی نه وشیروان بۆ مام جه لال، کوردستان پۆست
27 _ نه وشیروان موسته فا ،په نچه کان یه کتری ده شکێنن
28 _ ته له فزیۆنی کوردسات ، 20،01،2005
29 _ مه نسوری حیکمه ت ، فیدرالیه ت دروشمێکی کۆنه په رستیه
30 _ کوردیش میدیا ، جنێف ،11.05.2003، چاوپێکه وتن له گه ڵ
عه بدوڵلا ی حه سه ن زاده